بورگەر، گوتفرید ئاگوست "Bürger, Gottfried August"

نووسەری ئاڵمانی ٣١,١٢,١٧٤٧ لە شاری مۆلمێرسوێندە "Molmerswende" کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان هەڵکەوتووە لە دایك بووە و ڕۆژی ٨ی مانگی ژۆئێنی ساڵی ١٧٩٤ لە شاری گوتینگن کۆچی دوایی کردووە.

گوتفرید ئاگوست وەك دامەزرێنەری شیعری ئاڵمانی، یەك لە فیگۆرە هەرە گرنگەکانی دنیای ئەدەبی ئاڵمان لە ئەژمار دێ. ڕەخنەی فرێدریش شیلەر "Friedrich Schiller" لەسەر کەمبوونی ئیدیالیزم لە شێعرەکانی نووسەردا، نەك هەر کەسایەتییەکی پێ خەوشدار کرد، بەڵکوو بە گشتی نرخی کارەئەدەبییەکانی پێ هێنا خوارەوە. گوتفرید کە یەك لە لایەنگرانی کارە ئەدەبییەکانی پێشووی گوتێ بوو، بە کارەکانی خۆی هەوڵی تێکهاڵان و تێکەڵاوکردنی پەروەردە و شێعرە میللیەکانی داوە.

گوتفرید ئاگوست کە لە بنەماڵەیەکی قەشەی کلیسا و تا ڕادەیەك هەژار هەڵکەوتووە، هەوکات لەگەڵ خوێندنی دەرسی دادوەری لە شاری گوتینگن ساڵی ١٧٦٨ تا ١٧٧٢ لە بواری زمانناسی و ئەدەبیاتیش چالاکی کردووە. ساڵی ١٧٨٣ لە زانستگەی گوتینگن وەك ماموستا دەرسی داوەتەوە. سێ جار زەماوەندی کردووە و هەر سێ جارەکەش لە هاوسەرەکانی جیا بۆتەوە. لە زۆربەی شیعرە سیاسییەکانیدا دژ بە ملهوڕی و زۆرداریی ئەشرافییەتی ناو کۆمەڵگا ڕاوەستاوە.

لە پەنا شیعر و پەخشانێکی زۆری نووسەر، کتێبی "سەفەری پڕ لە ڕووداو بۆ ئاو و زەوی، ڕووداوی پێکەنینی مونش هاوزن" کە ساڵی ١٧٨٦ لە ١١٤ لاپەڕە لە چاپ دراوە، گەلێك ناوداراە. چیرۆکی مونش هاوزن لە ناو خەڵکیدا زۆر ناودار و خۆشەویست بووە، گەرچی بە پێی کات و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کارە ئەدەبییەکانی دواتری ئەدیبانی ئاڵمانیدا، لەبیر چۆتەوە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

چیرۆکی ئەو کتێبە بە سەفەرێك بە سواری ئەسپ بۆ روسیا دەست پێدەکا و ئەزموونێکی زۆر لە پەیوەندی لەگەڵ ئاژەڵە درەندەکاندا وەدەست دێنێ بەڵام شانسی درێژەدان بە ژیان هەمیشە هاوڕێیەتی دەکات. لەو سەفەرەدا، دەکەوێتە ناو زیندانی تورکەکانەوە، بەڵام خۆی ڕزگار دەکا و دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی.

یەکەم بەشی کتێبەکە ئەزموون لەگەڵ ئاژەڵە درەندەکانە، کە قارەمانی چیرۆکەکە بەربەرەکانییان لەگەڵدا دەکا یا وەك یارمەتیدەرێکی خۆی کەڵك لەو ئاژەڵانە وەردەگرێ. لە دووهەم بەشدا جیهانگەلی بیانی نەناس وێنا دەکرێن کە بە شێوەیەکی وەستایانە و کونجکاوانە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا کراوە. ناوەڕۆکی کتێبەکە، کە شێوازێکی بێ ڕێزانەی لە هەنبەر سیاسەت و شارستانییەتی کۆمەڵگای کاتی خۆیدا هەیە، لە قابغی گاڵتە و پێکەنیندا بەیان دەکرێ.

درێژەی هەیە...